www.kurdistannet.org
21-5-2003 21:14

# کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین
# ساڵی ٢٠٥٠

کامەران مەنتك - هەولێر
kamaranmantik@yahoo. co. uk

زۆر سەیر بوو! هەموو شتێك گۆڕانی بەسەر داهاتبوو، تەماشای ڕۆژمێرەکەم کرد، ساڵ ٢٠٥٠ بوو. نەمزانی زەمەن چۆن بەو خێراییە گوزەری کرد، دوێنێ ٢٠٠٣ بوو، چۆن ئاوای لێهات، سەرم لێدەرنەچوو!!! لەوەش سەیرتربوو ئەوەبوو، بەرەو کۆلێژی ئەدەبیات دەڕۆیشتم خۆ من بڕیارم دابوو تاوەکو ( (کۆمپانیای ئەدەبیات) ) هی کەرتی تایبەت بێت. سەری پیا نەگرم، وەلێ نەمدەزانی سۆنگەی چییە، هێزێك پاڵی پێوە دەنام و بەرەو ئەو ناوەی پەلەکێش دەکردم!!! هەرکە لە دەرگا نزیك بوومەوە، زۆر شتی سەیر سەرنجی ڕاکێشام، یەکەم شت، نووسراوێك بوو، لەبەر دەرگا هەڵواسرابوو، تیایدا نووسرابوو، کۆلێژی ئەدەبیات، پایتەختی هەرێمی کوردستان! گۆڕانێکی سەیر بوو! ئەو زەمەنەی من تیایدا دەژیام، هەولێر پایتەختی کوردستان بوو، لە دەستوری فیدراڵیش کەرکوك کرابووە پایتەختی هەرێم، کەچی ئەو گۆڕانە چۆن ڕوویدا، نەمدەزانی ؟!!! لەو کاتەدا هەراو زەنایەیەکی سەیر لە گۆڕەپانی کۆلێژەکە دەبینرا، کورد گوتەنی دەرزیت هەڵدابا نەدەکەوتە زەوی، جۆرەها ڕەگەزی مرۆڤ، عەرەب، فارس، تورك، هیندی، ئەفریقی، ئەو ناوەیان داگرتبوو، کەلەبەشی کوردی نزیك بوومەوە، خەڵکانێك جلی کوردیان لەبەر بوو بەفەرەنسی داخاوتن، کە پرسیارم کرد گوتیان ئەوانە قوتابی بەشی کوردی ئێوارانن، لە جیاتی کوردی، فەرەنسیەکی زۆر چاك فێربووینە، مامۆستایەکیش چاویلکەیەکی جامی شەش ملیمی لەچاو کردبوو، سەری بادەداو کە خۆی نەیدەزانی شیعر بخوێنێتەوە، فەقیرەی بەو سەقەتیەی!!! هەوڵیدەدا قوتابیەکانی فێری شیعر خوێندنەوە بکات !!! قوتابیەکیش لەولاوە بە هاورێکانی دەگوت : کاکەگیان ئەو خۆ ماندوو کردن و زێدەمەسرەفیەی بۆ چیە، کاسێتەکەی شکراللە بابانمان بۆ لێدەن چێژی زیاترەو باشتر فێر دەبین ...

زۆر بەختیار بووم کە ئەو گۆڕانە گەورە هاتۆتە ئاراو ئەو بەشە ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەخۆیەوە دیوە، لەبەشی فارسی، ( (ئاغا فارسی فەرامۆش کەردبوو!) ) ، لەجیاتی ئەوە بە ئینگلیزیەکی شڕوشەق قسەی دەکردا!!! قوتابیانی بەشی ئێوارانی ئینگلیزیش، کوردییەکی پوخت، وەکو کوردیەکەی مام هێمن و هەژاری موکریانی قسەیان دەکرد، ئای خودای گەورە لەو بلیمەتیە، دڵخۆش بووم، بەوەی کەوا حکومەتی ساوای هەرێم کاتی خۆی ئەو هەموو پارەو هەوڵ و ماندوو بوونەی بەفیرۆ نەڕۆیشتووە. لەو ڕۆژەدا جێگای خۆی گرتووە، کورد ناڵی چی بچینی ئەو دەدوریتەوە!!! ئەگەر لە بەشی ئێواران ئەو خزمەتەی زانست کرابێ، کە کاتی خۆی دەیانگوت، ساڵانە دووهەزارەکە بدەو بڕوانامەی خۆت وەربگرە، ئەوا لە بەشی بەیانیان، ئێستا ئەرەستۆ و سوقرات و هیگڵ و. . هتد کلاشەی دەکا، لەبەر دەرگای بەشی مێژوو، نەوەی‌ئەمیتا باباجانم بینی، دەیگوت : هاتووم لێرەدا، وەکو چاکەدانەوەیەکی باپیرانی ئێوە کە لەسەر مێژووی ئێمەیان نووسی، فلیمێك لەگەڵ ئەم بەشەدا دەربکەم، فلیمێکی خەیاڵی زانستی کە باسی مرۆڤەکانی سەر مەریخ بکات! لەو لاشەوە کچێکی خرپنی چاو شین، وەك خۆی گوتەنی نەوەی لەیلا عەلەوی بوو، هاتبوو، وەك چاکەدانەوەیەك بۆ ئەوەی لەو بەشەدا لەسەر ئاسایشی قاهیرە نووسرابوو، زنجیرەیەکی‌تەلەفزیۆنی لەگەڵ کوری مەمی ئالان دەربێنێ!!! کە وەك خۆی دەیگوت، کورێکی جوان و قۆزەو لە میسرەوە ئەشقی چاوانی ببوو. بۆی کەوتبووە دەشت و کێوان و تا لە کۆلێژی ئەدەبیاتدا هەواری بۆ هەڵدابوو. قسەی بۆ خەڵك دەکرد و دەیگوت لەو کاتەوەی ئێوە لەسەر ئاسایشی قاهیرەتان نووسیوە، دز چیە لەو وڵاتەدا نەماوە. ئالوسیش لەولاوە تەسبیحێکی هەزار دانەیی لە مل کردبوو، دەیگوت بورجەکان ژمارەیان بۆتە هەزار، لەو ڕۆژەی‌را ( (عقد) ) لای ئێوە بۆتە هەزار. بە کورتی بەر دەرگای ئەو بەشە، ئاپۆرەیەکی هێندە گەورەی بە حۆوە گرتبوو، دەتگوت ڕۆژی حەشرە، وەلێ ئەوەی لە هەموان سەرنج ڕاکێشتر بوو، ڕێزێك پۆلیس، بە تەپل و مۆسیقاوە، بە ڕیکی دەهاتن و دەچوون و سلاوی سەربازیانەیان بۆ ئەم بەشە دەکرد، کە هۆیەکەم پرسی، گوتیان لێرەدا لەبەرئەوەی بڕوانامەی دکتۆرایەك هەیە، کە دکتۆراکەی لەسەر پۆلیس هێناوەتەوە!!!

هاتووین ئێمەش بدەینەوە. . لە جیاتی پلەی زانستی بڕیارمان داوە تاجێك و دوو ئەستێرەی خەڵات بکەین. هەر لەو کاتەشدا یاریزانێکی کورتەی خڕین، فانیلەیەکی سەوزو شۆرتێکی سەوزی لەبەر کردبوو، لەبەردەرگای ئەم بەشەدا ئیحمای دەکرد، بەدەمە بچووك و مراوی ئاساکەی، دەیگوت : لەم حاڵەتەدا، ئەگەر لەلایەنی زانستیش شکستم هێنابێ، ئەوا لە راپۆرت نووسین خۆ ئیبداعم کردوە، بەسەری تۆ کلاّوم لەسەری هەردوو لاناوە، لەولا راپۆرتێکم لەسەر ئەو برادەرە نووسسی گوتم زەرتکەکی تۆخی گرتوە، لێرەش گوتم بۆتە باخچەچیو تەنیا داری سەوز، دەچێنێ، بۆ ئەندامی سەرکردایەتی سەوزەکان هەڵبژێردرابوو. لەم حاڵەتە توانیم گۆڵ لە هەردوو لا بکەم، بەلاّم بە داخەوە، لە کۆتایدا لێرە گۆڵێکیان لێکردم تۆڕیان دڕاند، چەندەی دەکەم بۆم نادووریێتەوە !!!لەم حاڵەتەدا ...

لەوانەش سەرنج راکێشتر، ئەوەی ( (عەمر موسی) ) سەرۆکی جامعەی عەرەبی بوو، لەسەر سەکۆیەك لە نێوەڕاست گۆڕەپانەکە وەستابوو، بە جۆشەوە وتاری دەدا، ئەوەی لێ تێگەیشتم، داوای دەکرد، عەرەب برای موسڵمانی کوردانن و چیتر نابێ، ئەگەر چەکی کیمیاویان لێبدرێت، هەموو دەوڵەتە عەرەبەکان، چەپڵە لێ بدەن و لایەنگیری بکەن!!! چونکە ئەو کۆلیژە، لە سایەی باب و باپیرانی ئەو ئیدارەی ئێستای کۆلێژ، کە کاتی خۆی ئیدارەی ئەو کۆلیژەیان دەکرد، زۆر خزمەتی برا عەرەبە بەعسیەکانیان کردووە، ئێمەش وەکو وەفاداریەك پێویستە یارمەتیان بدەین، هانیان بدەین تاوەکو ( ( جامیعەیەکی عەرەبی) ) لەناو کۆلیژی ئەدەبیات دابمەزرێتن!!! هاوکات داوای لە هەموو ولاّتە عەرەبیەکان دەکرد، کە بێن باڵیۆزخانەی خۆیان لەم پایتەختە نوێیەدا بکەنەوە! ئەوەی راستی بێت لەو کاتەدا ویژدانم زۆر ئازاری دەدام و سەرکۆنەی خۆم دەکرد، دەمگوت ئێمە کاتی خۆی زۆر ساویلکە بووین داوای پاکسازی ئەو کەسانەمان دەکرد و بە ماستاو چیان تێدەگەیشتین و دەمانگوت، بەرامبەر لە خۆیان نزمتر نەرە شێرێکن و کە لەسەرەوەش تەنگەتاو دەکرێن، خۆیان دەخەنە ژێر عەبای پیاو چاك و دەچنە سەرمەزاری مەشایخەکانەوە. ئەگەر کاتی خۆی ئەوانە پاکسازی کرابوان ئێستا هەڵوێستی سەرۆکی ( (جامعەی عەرەبی) ) بەم شێوەیە نەدەبوو. بەلاّم سوپاس بۆ خوا، دەسەلاّتی کوردی لەو قۆناغەدا زۆر هێمنانەو لەسەرەخۆ بیری دەکردەوە، بەسەبرو تەحەموول بوون بەدەهەزار ساڵ ئنجا بڕیاری گۆڕینی راگرێکیان دەدا. چاك بوو بەمەش رانەگەیشتن ئەو ئیداریانە بگۆڕن، ئەگینا ئێستا نەدەبووینە خاوەنی ئەو دەسکەوتە نیشتیمانیانە!!! عەرەب و هیندی و تورك. . هتد بەم چەشنە نەدەبوونە خەمخۆری دۆزەکەی ئێمە. .

لەو کاتە لە نزیك بەشی جوگرافیاش، مەشخەڵی ئاگرێك لەبیرە نەوتێك بەرز دەبوەبوەو بەرەو ئاسمان هەڵدەزنا، رۆژنامەنووسێك چاو پێکەوتنی لەگەڵ ڕاگری ئەو کۆلێژەدا دەکرد، ئەویش بە بەخ و لە خۆبایی بوونێکەوە، باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن باپیرانی ئەو، کە کاتی خۆی راگر بووینە لەهەمان کۆلێژ، توانیویانە بە پارەی گەراجی بەردەرگای کۆلیژ ئەم بیرەنەوتە هەڵکەنن، و داهاتێکی تری چەور بۆ خەزێنەی هەرێمی کوردستان زیاد بکەن. . شایەنی باسە جێگری راگرۆش، بەهەمان شێوە، دەستەو نەزەر وەستا بووا!!!

تادەهات زێتر گاڵتەم بەبۆچوونەکانی پێشتری خۆم دەهات، واماندەزانی حوکمی وراسی لەسیاسەتدا سەرناگرێت، کەچی ئەوا بەچاوانی خۆم دەمبینی، لەزانستدا باشترین سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، ئاخر. . ئەم هەموو دەسکەوتە گەورەیە کەم نەبوو! بۆیە بەرێوەبردنی وراسی، باشترین و تاکە رێگا بوو بۆ پێشخستنی کۆلێژی ئەدەبیات. بەراستی ئێمە زۆر هەڵەبووین، کەواماندەزانی ئیدارەی کۆلێژی ئەدەبیات بۆگەنی کردوەو لەگەڵ گیانی دوای راپەریندا ناگونجیّ!واماندەزانی ئەو مامۆستا کوردانەی بەر لە راپەرین ئامادەنەبوون بە زمانی کوردی لەگەڵ قوتابیە کوردەکان قسە بکەن، خیانەتیان کردوە !!! چەند هەڵەبووین کەوا تێدەگەیشتین، دەسەلاّتی کوردیبەرامبەر ئەو جۆرە ئیداریانە لاوازەو ناتوانیّ بیانگۆڕیّ!!! . . ئێستا بۆم دەردەکەوێت کە دەسەلاّتەکە چ کارامەییەکی نواندووە نەهێشتنەوەی ئەو جۆرە کەسانەدا، مانەوەی ئیدارەی ئەم کۆلێژە لەدەست چەند نەوەیەك لەنێو یەك خێزاندا، چ خزمەتێکی گەورەی بە کورد و کەلتورو رۆشنبیری کوردی کردووە!!!

خەریك بوو لە دنیای ئەم بیر کردنەوەدا ڕۆدەچووم، کە چەپڵەکانی بەردەرگای بەشی کۆمەڵناسی هوشیاریان کردمەوە، چەند کەسانێك لەسەر چیچکان دانیشتبوون و بەتوندی دەستیان لە زەوی دەداو چەپڵەیان لێدەدا. . کەنزیك کەوتمەوە، بەشی کۆمەڵناسی ئێواران بوو، هانی پێشبرکێی بۆقانیان دەدا، لە ئەنجامی پرسیارێك دا بۆم دەرکەوت، کە ئەوان توێژینەوەکانیان لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەواو ختم کردووە، ئێستا لە پەیوەندی نێوان بۆقەکان دەکۆڵنەوە، دەمویست لەوە تێبگەم، کە بۆچی بۆقانیان هەڵبژاردووە! ئایا هەر لەبەر ئەوە ڕەنگی زەیتوونیەو کێخوای ئەم گوندەش کاتی خۆی جلی زەیتوونی لەبەر دەکرد و حەزی پێدەهات. یاخود ویستێکی کوردانەی ئازاد لە پەنای ئەم شتەوە دابوو!!! یا دەیانویست بزانن، دوای ئەوەی توانیان کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان بێتە ئارا، دەتوانن هەمان کۆمەڵگا لە نێو بۆقەکاندا دروست بکەن؟! بەم دیمەنانە هێندە دڵم خۆش بوو، نەبێتەوە! لە کۆلێژی ئەدەبیات مامۆستا و قوتابی بەیەکەوە دابنیشن و نەوەی جێگری ڕاگریش، لە جیاتی ئەوەی یەکێك بنێرێ داوای ناسنامەیان لێبکات! دەستخۆشیان لێبکات، چاو دەیبینی و ئەقڵ باوەڕی نەدەکرد!!!

لەو کاتەدا بیرم لەوە کردەوە، کە پێویستە ئەو ڕاستەقینە دڵخۆشکەرە بە خێرایی بە ڕۆژنامەکان ڕابگەیەنم، بەڵکو بلاوی بکەنەوەو تا چیتر لە خت و خۆڕایی، بوختان بە کۆلێژی ئەدەبیات و ئیدارەی کۆلێژی ئەدەبیات نەکرێت! لەو خێرایەدا ساتمەکم کرد واگا هاتمەوە. کە خۆم بینیەوە بەرامبەر دەرگای کۆلێژی ئەدەبیات وەستا بووم، قوتابیەکان بە ڕێك و خاوێنی لە تەك یەك وەستابوون، نینۆکەکانی خۆیان کردبوو، جلەکانیان پاك شۆریبوو، هەریەکە دەسە سرێکیان لە نێو لەپی خۆیان حەشاردابوو، مامۆستایەکیش بە ورگە زلەکەیەوە، دار حەیزەرانێکی لە دەست بوو، خۆی ئامادە دەکرد بۆ پشکنینی قوتابیەکان، بە تووڕەییەوەش هاواری دەکرد، نەکەن وا تێبگەن من لەسەر ڕاکەی باپیری خۆم لام داوە، منیش بە هەمان شێوە، نامەی ماستەرەکەی خۆم پێشکەش کردووە بە مامۆستای یەکەمم سەرۆکی فەرماندە خوا بیپارێزێ. . !!! ( ئەگەرچی نەیپاراست!!!)

لەو کاتەدا، زەمەنی بەعس و منداڵی و قوتابخانەی منداڵیم هاتەوە یاد. . بەڵام ئەوە ناخۆش بوو، لەگەڵ دەنگی زبری ئەو مامۆستایە لە شیرین خەو هۆشیار بوومەوە، کە سەیری ڕۆژمێرەکەم، ساڵ هەر ساڵی ٢٠٠٣ بوو، هەستم بە شەرمەزاریەك کرد، کۆلێژێك بەو ئیدارەیە، خومێکی وا...، لە کوردستانێکی ئازاد هەبێت ... ئەو کوردستانەی بە هەزاران شەهید خوێنیان لە پێناودا ڕشتووە. . !!!

تێبینی کوردستان نێت:

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**